Dengekan

## ئازادیخوازان لە هێلسینکی هێرشی هێزەکانی ئەمریکا بۆسەر کۆنگرەی ئازادی مەحکوم کرد.

لەسەر بانگەوازی هەڵسوڕاوانی کۆنگرەی ئازادی عێراق، ئەمرۆ14.6.2007 بە دەیان کەس لە ئازادی خوازانی دانیشتوی فنلاند  بە ریپێوان چوونە بەردەم سەفارەتی ئەمەریکا لە شاری هلسنکی بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بەو هێرشەکە هێزی داگیرکاری ئەمەریکالە رۆژی 7.6.2007 کردبوویە سەر  بارەگای کۆنگرەی ئازادی عێراق لە بغداد و دەستگیرکردنی چەند هەڵسوڕاوێکی.

سەرەتا رێپێوانەکە لە سەنتەری شاری هلسنکی دەستی پێکرد وە بەرەو سەفارەت بە ووتنی شعاراتی نا بۆ دگیرکاری، بژی ئازادی. بەربونی گیراوەکان دەست بەجێ، وە بەرزکردنەوەی چەندین لافیتە و پلاتکارد ذیشطێ پێ کردر. لەبەردەم سەفارەتیش بە دەنگێکی بەرز هاوار دەکرا نا بۆداگیرکاری، ئەمریکا کوا ئازادیەکەت. وە زۆریک لە شعاراتی تر کە لە لایەن ئامادەبووانەوە بەشێوەیەکی حماسەوە دەوترایەوە.

دواتر لە لایەن مستەفا باهرەوە قسەو باسیک پێشکەشکرا دەربارەی بەڕێخستنی ئەم خۆپیشاندانە، هەروەها ئەو نامە نارەزایەتیەشی خوێندەوە کە بۆ سەفارەتی ئەمەریکا ئامادە کرابوو ، کە دواتر لە لایەن جمال صالحەوە درایە دەست نوێنەری سەفارەت،ئەوانیش بەلێنیاندا کە نامەکە بگەیەننە شوێنی مەبەست.

پاشان بە دەم ووتافکێشآنەوە خۆپیشاندانەکە سەرکەوتوانە کۆتایی هات.

کۆمەلێک هەلسوراوی کۆنگرەی ئازادی عێراق لە فنلاند